Dengekan

# ديموكراتى بۆ عيراقو ديكتاتۆرى بۆ كوردستان

**مەجيد سالح**

لەم دونيا پڕلە كێشمەكێشو فرە بۆچوونو فرە مينبەرەدا، تاكە سيستەمى حوكمڕانى كە بتوانێت بەر لە هەڵوەشانەوەو تێكچوونى كۆمەڵگاكانى مرۆڤايەتى بگرێت ديموكراسيەتە. ئەم سيستەمە كە پشتى بە راى مرۆڤەكان بەستووە رێچكەى رێز لە يەكترگرتنو پێكەوەژيانيان لەبەردەمدا والآدەكاتو گيانى زاڵبوونى بەشێك لە دژى بەشەكەى ديكە لاوازدەكات، بووەتە بەرنامەو پرۆگرام بۆ سەدان حزبو رێكخراوى جەماوەريى لە سەرتاسەرى دونيادا. بەو پێيەى كۆمەڵگاى ئێمە چەندين دەيە لە بندەستىو پەراوێزىو بێبەشى لە دەسەڵاتدا ژياوەو كەمترين دەرفەتى بۆ تەعبير لە خۆكردن بۆ نەڕەخساوە، خواستى "ديموكراسى" بووەتە داوايەكى سەرەكى بۆ زۆربەى رێكخراوە سياسييەكانى كوردستان لە هەموو پارچەكانيدا، بگرە لە پەيڕەوو پرۆگرامى زۆربەى حزبەكوردستانييەكاندا پێش خواستە نەتەوەييەكان خراوەو پێشئەوەى داواى "ئۆتۆنۆمى" يان "خودموختارى" بۆ كوردستان بكرێت، داواى ديموكراسى بۆ وڵاتە داگيركەرەكانمان كراوە. بەرزكردنەوەى ئەو دروشمەش شتێكى هەروا سەرپێيىو لە خۆڕا نەبووە، بەڵكو سەركردايەتى سياسيى كورد پێى وابووە بەبێ بوونى حكومەتێكى ديموكرات لە سەنتەرى وڵاتەداگيركەرەكاندا، بەدەستهێنانى مافە نەتەوەييەكان شتێكى مەحاڵە.

بەداخەوە لەو وڵاتانەى كە كوردستانيان بەسەردا دابەشكراوە، بەدرێژايى سەدەى رابردوو حكومەتێكى ديموكراتيك بە مانا فراوانەكەى نەك هەر نەهاتۆتە سەركار، بەڵكو چەندين دەيە ديكتاتۆرە سەربازىو مەدەنييەكان كورسى دەسەڵاتييان لە نێوان خۆياندا ئاڵوگۆڕ كردووە، ئەوەش هەم بە زيان بۆ گەلانى داگيركەرى كوردستان گەڕاوەتەوەو هەم ئەركى ئێمەشى قورستركردووە.

لە پاش روخانى رژێمى بەعس لە 2003/4/9 بزوتنەوەى رزگارى خوازى كورد لە كوردستانى باشوور پێى نايە قۆناغێكى نوێو ئەركێكى گەورەى وەك "ديموكراتيزەكردنى عێراق"ى لە كۆڵ بويەوەو ئەمريكاو هاوپەيمانەكانىو هەندێك هێزى ترى عێراقى ئێستا سەرقاڵى ئەوەن لە بەغدا حكومەتێكى ديموكراسى بونياد بنێن. حكومەتى هەرێمى كوردستان كە لە1992/7/5 دامەزراوە، لەپازدە ساڵى رابردوودا بە سەر زۆربەى كۆسپەكانى بەردەميدا زاڵ بووەو قۆناغى ساوايەتى تێپەڕاندووەو ئێستا هەراشە، جياواز لە جاران كە تەنها پشت بە گومركو باجى سەر قاچاخچييەكان دەبەسترا، ئێستا17٪ كۆى بودجەى عێراقى هەيەو پەرلەمانێكيش هەيە هەنگاو بەرەو كارابوون دەنێتو دەزگايەكى دادوەريى با لاوازيش بێت، هەيە. بە مانايەكى تر زۆر لە بنەماكانى حكومەتو حكومڕانيى لەم بەشەى كوردستاندا بوونى هەيەو لە هەمووى گرنگتر ئەوەيە بە پێى دەستوورى هەميشەيى عێراق حكومەتەكەمان شەرعيەتى هەيە.

لێرەدا بە پێويستى دەزانم بگەڕێمەوە بۆ ئەو دروشمەى سەردەمى شاخ "ديموكراسى بۆ عێراقو حوكمى زاتى بۆ كوردستان"، رستەكە لە دوو بەش پێك هاتووە "ديموكراسى بۆ عێراق" لەگەڵ " حكومى زاتى بۆ كوردستان". خۆشبەختانە وەك وتم ئەركى ديموكراتيزەكردنى عيراق تا ئەندازەيەكى زۆر لە كۆڵى ئێمە بووەتەوەو بە نيسبەت " حوكمى زاتى بۆ كوردستان" مكەش خوا نەيبڕێت زۆر زياتر لەوەمان بەدەست هێناوەو بوينەتە خاوەن "حكومەتێكى هەرێميى فيدراڵى"، واتە شتێك لە خەون زياتر بۆ نەوەكانى پێشوو. بەڵام ئايا ئەم حكومەتى هەرێمەى ئێمە هەمانە "ديموكراتە"؟!

پێدەچێت سەركردايەتى سياسى كوردستان لەو سەردەمەى كە ئەو دروشمەيان هەڵبژاردووە زۆر دوربين بوبێتو زانيبێتيان كەوا رۆژێك دێت كوردستانى باشور بە مافى فيدراڵيى شاد دەبێت، بۆيە هيچ باسێكيان لە "ديموكراسى" بۆ كوردستان نەكردووە. بەو پێيەى كە ئەو دەم ئەو وەعدەيان نەداوەو نەيانوتووە گەر حكومەتى كوردى دامەزرا مەرج بێت ديموكراسيەت پەيڕەو بكەين، بۆيە ئێستا هيچ مولزەم نين بە ديموكراتيزەكردنى حكومەتى هەرێمى كوردستانەوە.

لە راستيدا بۆ ئەوەى بە حكومەتێك بڵێن حكومەتێكى ديموكراتە، پێويستە چەند مەرجێكى تێدا بێت كە لێرەدا تەنها باس لە دوانيان دەكەينو بەراوردێكى خيرايشى دەكەين لە گەڵ دۆخى حكومەتەكەى خۆمان:

يەكەميان، مافەكانى هاووڵاتيبوونە. هەموو ئەوانەى كە لە سەر خاكى وڵاتێكدا دەژين بەهاووڵاتى دەژمێردرێنو مافى هيچ حكومەتو لايەنێك نييە بۆ هاووڵاتى پلە يەكو پلە دوو پۆلێنيان بكات. هەرهەموويان وەك چۆن مافى ژيانيان هەيە ئاواش مافى ئەوەيان هەيە بێجياوازى نەژادىو ئاينى تەماشا بكرێنو وەك يەك مافى دەنگدانو خۆكانديدكردنو ئەندامبوون لە حزبو رێكخراويان هەبێت. پێويستە هەموو مافەكانى هاووڵاتيبوون چوارچێوەيەكى ياسايى بۆدابنرێت، بەڵام بە مەرجێك ئەو ياسايانە بۆ هەتاهەتايى نەبنو لە گەڵ جاڕنامەى گەردوونيى مافەكانى مرۆڤدا ناكۆك نەبنو هاوڵاتيانيش ئاشناى ئەو مافانە بكرێن. بەداخەوە تاكو ئێستا لەم هەرێمەى ئێمەدا تا رادەيەكى زۆر مافەكانى هاووڵاتيبوون بەياسايى نەكراون. ياسا بەيەك چاو

تەماشای بەرپرسێكو هاووڵاتیەكی سادە ناكات. بە بێ ملكەچبوون بۆ حزبێك، دامەزراندنو دۆزینەوەی كار كە سەرەتاییترین مافەكانی هاووڵاتییە، مەحاڵە. بە پێی یاسا مۆدێرنەكان هەموو هاووڵاتییەك دەبێت ئاگای لەوە بێت بودجەی وڵاتەكەی چەندەو چۆنو بۆچی خەرج دەكرێت، كەچی بودجەی دوو ساڵی ئایندەی ئەم هەرێمە خەرجكراوە بەبێئەوەی پرۆژەیەك لەو پرۆژانەی كە پارەكەی بۆ دانراوە تەواو بووبێت.

دووەم: بوونی راگەیاندنی سەربەخۆو ئازاد. بۆ ئەوەی بزانین وڵاتێك دیموكراتە یان نا میدیاكانی ئەو وڵاتە باشترین پێوەرن. میدیاكان رۆڵێكی زۆر كاریگەر دەبینن لە چەسپاندنی دیموكراتیەت لە هەموو كۆمەڵگاكاندا. لە رێگەی میدیای ئازادو سەربەخۆوە هەموو چینو توێژەكانی كۆمەڵگا دەتوانن بیروبۆچوونەكانیان بخەنەڕوو. جگە لەوە میدیاكان سەكۆیەكی پێویستن بۆ ئەوەی گروپە سیاسیو كۆمەڵایەتیو كولتورییە جیاوازەكان پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا دروستبكەن. هەر لە رێگەی میدیای سەربەخۆو ئازادەوە خەڵك لە نهێنییو شتەشاراوەو پشتپەردەكان بە ئاگا دەبن. لە هەمووی گرنگتر كەناڵەكانی راگەیاندن چی نوسرابن یان بیستراو یان بینراو، لە پێكەوەژیان و چاندنی گیانی هاوكاری رۆڵی سەرەكیی دەبینن. راستە ئێستا لە كوردستاندا ئازادی راگەیاندن تا حەدی تەشهیرو جنێودانو بوختان هەیە، بەڵام ئەوە دەرئەنجامی نەبوونی شەفافیەتە لە دەستنەگەیشتن بە هەواڵو زانیارییەكان لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە. حكومەتی دیموكرات پێویستە جگە لە ئاسایشی نەتەوەیی كە ئەویش زۆر سنووردارە، دەرگاكانی خەرجی بودجەو پەیوەندییە ئیقلیمیو نێونەتەوەییەكانیو گرێبەستەكانی بازرگانیو دەرهێنانی نەوت..... هتد، بێ هیچ ترسو دڵەڕاوكێیەك لە رێگەی كەناڵەكانی راگەیاندنەوە بخاتە بەر دەستی خەڵك. ئەوەی كە تا ئێستا لە كەناڵەكانی راگەیاندنی ئێمە بڵاودەكرێنەوە هیچ نین جگە لە هەندێك زانیاری بێبایەخ كە هیچ كاریگەرییەكیان بە سەر كۆمەڵگاوە نییە.. حكومەتی هەرێم كە هی حزبەكانە نەك خەڵك، رۆژانە لە رێگەی میدیاكانی ئەو حزبانەوە (كە هەر بە پارەی حكومەت دەژین) مەكیاج دەكرێتو لە بەرامبەریشدا ئەو كەمە كەناڵە بەناو ئازادانەی راگەیاندیش كە هەن، جگە لە شەڕەجوێنو رەخنەی سەرەتاییو لاوازو بۆڵەبۆڵێكی بێتام نەبێت، هیچیانلەباردا نییە.

هەڵبەت من ئەوە دەزانم كە ناكرێت بە چەند ساڵێكی كەم دیموكراسیەتێكی پتەو لە كوردستاندا پایەدار بكرێتو دوژمنەكانی دیموكراسیشم لە بەرچاو گرتووە، بەڵام لە ئێستاوە هەموو نیشانەكان بۆ ئەوە دەچن لە چەند ساڵی ئایندەدا، بە تایبەتی گەر ئەمریكاییەكان لەم ناوچەیەدا بارگەوبنەیان بپێچنەوەو برۆن ، ئەو پچكە ئازادیەش كە هەیە خەفە بكرێت.